


# کتێبی تەمەن.. سەفەری تەمەن

دلاوەر قەرەداغی
(سلێمانی)



دواجار دوای بیست ساڵ لە وەرگێڕانی (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ) و دواتر (فرانسیسکۆس قەدیسی من) و (مەسیح لە خاچ دەدەنەوە)، دەرفەتم بۆ ڕەخسا سەردانی زێد و ماڵ و موزە و مەزارگەی نیکۆس کازانتزاکیس بکەم. زێدێک کە وەک میتۆلۆگیای گریکیی دەڵێ: بە دەست و پەنجەی خواوەند دروست کراوە و (زیۆس)ی گەورەی لێ لە دایک بووە.
ئەز لە میانەی خۆشەویستی بە لرفەم بۆ ئەو نووسەرە و خوێندنەوەی بەرهەمەکانی و سەرەتەقێی وەرگێڕانی ئەو سێ بەرهەمەیەوە، تا ڕادەیەک دەمزانی کە سەفەری ئێمەمانان بۆ زێدی ئەو نووسەرە، وەک گەشتێکی ئاسایی و ڕاگوزەری هەر گەشتیارێکی تر بۆ هەواگۆڕین و حەوانەوە و شوێن بینین نابێت، بەڵکو پێشوەخت کەم و زۆر دڵنیابووم لەوەی ئەو سەفەرە دڵەخورپێ ورووژێن و هێدمەهەژێن و بڕست لێ بڕ دەبێ، گەشتەکانی ئەو نووسەرە بە بیابانی سینا و ئاسیزی ئیتاڵیا و فەڵەستین و گریکلاند، بە تایبەتییش بە (کرێتا)ی زێدی خۆی و دەیر و خەڵوەتگەی زاهید و قەدیسانیدا، بە هورووژم تیاماندا دەژێنەوە و هەوایەکمان تەژی لە بۆنی گۆگرد و گۆشەگیری و بخوور پێ هەڵدەمژن، گوێچکەمان پڕ دەبێ لە دەنگی فەرماندەرانە و تووڕەی باپیران لە قووڵایی ئەرزەوە، سیخناخ دەبێ لە هاوار و نەعرەتە و هەورەگرمە، پڕ دەبێ لە دەنگی سەرکەوتن و بێدەنگیی بەزین، دەمزانی لەوێ، لە پێچی کۆڵانی هەر ڕوانینێکدا، ڕێکەوتی کەسێک، دەیرێک، قاوەخانەیەک، مەلێک، تەلانێک و بۆنی غەمگین و خۆشی پوونگە و شیوەران و داردێمشتێک دەکەین کە گەلێک یادەوەری ناو کتێبەکانی ئەو نووسەرە بە هورووژم لە قووڵاییمانڕا دەژێننەوە...ئاخر لێرە هیچ جێگەیەک نییە کە هەستی بێلایەنیی لە چێژبردنی جوانیدا بورووژێنێت، هەر جێگەیەک لێرە ناوێکی هەیە و هەر ناوێکیش بە یادەوەرییەکەوە ڕایەڵە: لەوێدا سەرکەوتین، لێرەدا تێکشکاین، لەوێدا نائومێد بووین، لێرەدا ئازایەتیمان تێ گەڕا، لەوێدا هەڵگژاین و لەوێدا هەڵدێراین. لە خاڵێک لەسەر ئەم ئەرزە شێلراو بە ڕەنج و زوهد و بڵێسەیەدا ڕادەوەستین و دڵمان وەخورپە دەکەوێت، ئاخر ژێر ئەو نەختە ئەرزەی کە لە سەری ڕادەوەستین گۆڕێکی قووڵە، تەرم لە پاڵ تەرمدا ڕاکشاون و دەنگی جۆراوجۆریان لێ بەرز دەبێتەوە، وەسوەسە دامان دەگرێ و بە خۆمان دەڵێین ئاخۆ دەبێ دوای کامیان بکەوین و کامیان بۆ خۆمان بکەینە پێشەنگ و ڕێنوێن و نموونەی باڵا. کازانتزاکیس خۆی ئاگادارمان دەکاتەوە کە هەر کام لەو دەنگانە ڕۆحێکە بۆ خۆی، هەر ڕۆحێکیش پەرۆشی قاڵبی جەستەی خۆیەتی. دەنگیش تاقە بەشێکی جەستەیە کە بە نەمریی دەمێنێتەوە.
لە کرێتا وەک هەر سەرزەمینێکی تری خاوەن کولتوور و شارستانێتی، شتێک کە بە زۆریی سەرنجی گەشتیاری ئاسایی ڕادەکێشێت، هەوڵ و پێداگیری حکوومەت و دەزگا گەشتیارییەکانە بۆ ناساندنی ڕوخسارەکانی کولتووری و ئەدەبیی ئەو سەرزەمینە بە خەڵکانی بیانی و گەشتیار: هەر لە پەیکەری ناوازە و ئاسەواری مێژوویی و دێرینەوە، بۆ موزە و ناوەند و ماڵی کولتووری و تا ئەو هەموو برۆشەرەی کە تایبەت بە زانیاری پێدان بە گەشتیار لەبارەی ناوەندەکانی کولتووری و کەسایەتییە گرینگەکانی ئەدەبی ئەو وڵاتەوە بڵاوکراونەتەوە.
هەموو ئەو هەوڵانە ئەوەمان بۆ دووپات دەکەنەوە کە هەر بە ڕاستی پرۆژەی گەشتیاری و ڕاکێشانی گەشتیار بۆ وڵات تەنیا لە بازرگانی کردن و پارە پەیداکردن و ڕیکلام کردن بۆ جۆلانە و کورسیکورسی و شەڕ لە سەر ژمارە و (زۆریی و بۆری) گەشتیار، کورت نابێتەوە، بەڵکو ئەگەر ئەو پلان و پرۆژانە هاوشان نەبن لەگەڵ غەم و ستراتیژی نیشتمانی و کولتوورییدا، تەنیا وەک پرۆژەی بازرگانی و بەدکەڵک وەرگرتن لە سامانی گشتی و خۆدەوڵەمەندکردن دەمێننەوە.
لێرە کاتێک مەزارگە و جێنزرگەی کەسایەتییە ئەدەبی و کولتوورییەکانیشیان دەبینین و سووکە بەراوردێکی بە لای خۆمانیان دەکەین، هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشین و غەمێکی قووڵ دامان دەگرێ، لێرە مەزارگە گوزارشتکەری ڕۆحی سەرکەشی نووسەرەکە و گل دانەوەیەتی لە ناو ژیان و بە زیندوویی هێشتنەوەیەتی لەناو ڕووبەری گشتیدا، بەڵام لای خۆمان شاردنەوە و سڕینەوە و لە کۆڵ خۆ کردنەوە و بیر بردنەوەیەتی، یان ئەوپەڕی ئەگەر وەک شێرکۆ بێکەس بەختی یار بێ و سووچ و قوژبنێکی لاکەوتە و تەریکی ناو دەنگەدەنگ و جەنجاڵی پارکێکی یاریی پێ ڕەوا ببینرێ، خۆ ئەگەر کەسێک تایبەت بۆ سەردانی نەیەت، ئەوە مەزارەکەی نە سەرنجی کەسێکی بیانی ڕادەکێشێ و نە دەشزانێ ئەوەی لە مەزارەکەدا ڕاکشاوە کێ بووە و چ پێگەیەکی لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە.
وا گەشتەکەمان بۆ کرێتا کۆتایی دێت، گەشتێک لەگەڵ دوو ئازیزترین چاوی دنیامدا، بەڵام گەشتێکی ترم لەگەڵ کارەکانی کازانتزاکیس دا بەرەو وێستگەی تر درێژ بۆوە. بەر لەم سەفەرە، (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ) کتێبی تەمەنم بوو، بەڵام ئێستا ئیدی (کرێتا)یش دەبێتە سەفەری تەمەن.

**کرێتا - هیراکلیۆن ٢٠١٧/٧/١٣**